

# غەزەلەکانی مەرگ

# بارۆنەکانی فیردۆس...

ئاسۆ جەبار

جیهان گەورییە، بەڵام لەناخماندا قوڵە وەك دەریا.(ریلکە)

خەیاڵ دەرگایەکە یان خۆی دەکرێتەوە یاخود هیچ هێزێك نییە بیکاتەوە. (غەزەلنوس و باخەکانی خەیاڵ. بەختیار عەلی.ل۱۹۸)

غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ هێندەی تێکستێکی فەلسەفی فرە رەهەندو فرەئاڕاستەو فرەڕەنگە، هێندەش تێکستێکی گەورەی ئەدەبییە، ژانرێکی زیندووی کاریگەرو پەیوەندیامێزە، هەوڵێکی گەورەیە بۆ وێناکردنی جیهان و ژیان و ئاستێکی باڵای روانین و دنیابینی بە کەرەستەگەلێکی فەنتازی و واقعی. پۆل ئیلوار لە قەسیدەیەکیدا دەڵێت: "شەو هەرگیز تەواو تەواو تاریك نییە"، پێکڕا ئەم ئەم رۆمانەش پێماندەڵێت نە حەقیقەت بەتەواوەتی حەقیقەتە، نە خەیاڵ بە تەواوەتی گوزارشتێکی راستودروستە لەخەیاڵ، نە عیشق بە تەواوەتی گوزارشتە لەعیشق، مەرگیش هەمان ئەو مەرگە نییە کە لەزیهن و بیرکردنەوەو بینینی ئێمەدا گەڵاڵەبووەو وێنەیەکی سنوردارو دیاریکراوی هەیە. پێکرا حەقیقەت لەمەودایەکی نهێنیامێزو نابەرجەستەدا دەرخەری حەقیقەتگەلێکی نابەرجەستەو ناواقیعییە، هاوکات میتا خەیاڵ پێکهێنەری خەیاڵگەیەکی نابەرجەستەو نادیارە، بەڵام دەرخەری حەقیقەتەکانەو فەنتازیایەکی نەبڕاوەیە.

رۆمانی غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ یەکێکە لەو رۆمانە سەرکێش و نانۆرماڵ و ناسروشتیانەی کە نوسەر بێئەندازە مانای شتەکان دەگۆڕێت و واتا و پێناسەی دیکەیان پێدەبەخشێت، لەکاتێکدا غەزەلنوس وێنای فیردۆسێکی فەنتازی و شاعیری دەکێشێ، بەڵام ئایا غەزەلەکان و هەزارباخ وێنەی دەقاودەقی ئەو نەخشەیەیە کە فیردۆس لەخەیاڵماندا دەیکێشێ، یان نەخشەیەکی دیکەی روحی و فەنتازی بوونەوەرە خەیاڵییەکانی نێو رۆمانەکەیە.

## حیکایەتخوان وەك فەیلەسوف

بارت دەڵێ: مێژوو بەگوتەی بیکۆ بەشێوەیەکی پێچاوپێچ بەرەو پێشەوە دەچێ. هەموو شتێکی کۆن هەمدیس پەیدا دەبێتەوە، بەڵام نەك لەشوێنە کۆنەکەی خۆیدا، بەڵکو لەشوێنێکی تازەدا.

زەوقەکان، بەهاکان، ئاڕاستەو "نڤیسیارە کۆنەکان"دێنەوەو لەجێیەکی تەواو تازەدا جێگیردەبن. هەروەها دەڵێ بابەتی ئەوین بەڕای ئەو لە شوێنێکدایە کە لاکان بە"پانتایی خەیاڵپەروەری" ناوزەدی کردووە. بارت دەڵێ کە لەتەك ئەدەبیاتی رابردوو پەیوەندییەکی راستەوخۆو بەردەوامو گەشەکردووی هەیە، چونکە ئەم ئەدەبیاتە پەیوەندی خۆی لەگەڵ خەیاڵپەروەری رێکدەخات، یان بەدەربڕینێکی تر زیندووی دەکاتەوە."

جیاوازییە گەورەکانی ئەم رۆمانە هەر لەوەدا نییە تۆی خوێنەر لەسەروەختی خوێنەوەی رۆمانەکەدا دەکەویتە بەردەم کۆمەڵێك کارەئەکتەری زۆرو گروپو ئینسانگەلێکی جیاواز لەبیرکردنەوەو روانینو فەنتازیا، بەڵکە لەبەردەم پانتاییەکی گەورەی خەیاڵپەروەریو کلێشەسازییەکی فرە خەیاڵو فرە ئاڕاستەو بێشومار حەقیقەتدا دەمانژێنێتو لەشوێنو کاتی جیاوازدا زیندویان دەکاتەوە.

هایدگەر دەڵێ: "مرۆڤ ئەوەیە کە بەردەوام سەرقاڵی درووستکردنی هەبوونی خۆیەتی"[1]. بارۆنی خەیاڵ تەنها کارئەکتەرێکی سەرەکی نییە، بەڵکە ئەندازیارێکی گەورەی ئەو سەرزەمینە خەونپارێزەیە کە رووبەرەکانی چێژ تیایدا دەگاتە ترۆپکی هەوسو فاحیشە، خەون تیایدا بریتی نییە لەخەون بینین..بەڵکە برتییە لەکارخانەیەکی گەورە بۆ دروستکردنی خەونو بەکارهێنانی خەونو پیادەکردنو پراکتیزەکردنی خەونەکان، بارۆنی خەیاڵ تەنها دەزگایەکی نهێنی نییە بۆ حەشاردانی نهێنییەکانو دۆزینەوەی حەشارگەکان، بەڵکە سۆفیستو فەیلەسوفێکی ماڵتی تێڕوانینو فرە روخسارو بێئەندازە بونەوەرێکی ئەفسانەسازو خەونسازە. تەنها مرۆڤێك نییە سەوداسەری تەرجەمەکردنی خەونەکان بێت لەحەشارگەیەکی گەورە بەناوی شاری خەونەکان. بارۆنی خەیاڵ بەرپرسێکی سیاسی یان حیزبی نییە، بەڵکە پێکرا کۆی هەموو ئەو خەونە فاحیشو پڕ لەچێژو لەزەتی مەرگو سێکسو جوانییەکانە، بارۆنی خەیاڵ بکوژێکی راستەقینە نییە، بەڵکە بکوژێکی گەورەی وەهمیە بۆ کوشتنی خەیاڵ لەڕێی پیاوکوژو بارۆنەکانی مەرگەوە.

غەزەلنوس، تەنها غەزەلخوانێکی کلاسیكو روحێکی پەراگەندەی خەیاڵی نییە، هاوکات مرۆڤێکی راستەقینەش نییە، بەڵام بوونەوەرێکی ئەفسانەسازو خەیاڵسازە، غەزەلنوس تەنها کارەئەکتەرێکی سەرەکی نییە بەڵکە گەردوونی حیکایەتو روداو و حەشارگەو ململانێ گەورەکانە، بە ئەندازەیەك غەزەلنوس لەم رۆمانەدا بووەبە ئەو زەریا گەردوونییەی کە هەسارە پەراگەندەو گەریدەو جەنگاوەرەکانی خەیاڵ تیایدا دەبن بە نوسەری راستەقینەی کتێبی مەرگو مێژووی کوشتنو تاوانە راستەقینەکان دەنوسنەوە.

داریوش ئاشوری دەڵێت: "ژیانی مرۆڤ بەبێ سەمبولخوازی لەسنوری دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکاندا دەمێنێتەوە. بەبێ سەمبولخوازی مرۆڤ هەرگیز نەیدەتوانی بگاتە (جیهانی

---

[1] E. Robinson, trans. J. Macquarrie, Being and Times. ٦٦. M. Heidegger. London. P٧٤

یۆتۆپیا)یی خۆی کە لەهەزار لاوە دەرگاکانی دین و هونەرو فەلسەفەو زانستی بەروودا دەکاتەوە".[٢]

**"مرۆڤ سەرەتا بە خەیاڵ خانوو دروستدەکات، بەخەیاڵ ئامێرەکان دادەهێنێت. مەهناز خان زانست سەرەتا خەیاڵە، هەتا جەنگ سەرەتا خەیاڵە، خۆشەویستی سەرەتا خەیاڵە، خودا سەرەتا خەیاڵە، هیچ شتێك نییە سەرەتا خەیاڵ نەبێت، هەتا بەرلەوەی وشە هەبێت خەیاڵ هەیە."(غەزەلنوس-ل٢١٦)**

ئەم تێکستە کورتە چەند دەسکاریکردنێکی خێرای ئەو وێناکراوە کۆنکرێتیەیە بۆ جیهان و خەیاڵ و واقیع، هێندەش شیکردنەوەیەکی قوڵی راڤەکارییە بۆ لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی ئەو پێکهاتە ئاڵۆزو قۆزاخییەی کە دنیا لەتاکەیەك ئاراستەی روانیندا شیدەکاتەوە، شکست پێهێنەری ئەو هزرو روانینە چوارچێوەئاسایە کە بەرهەمهێنەری ئەدەبێکی گەمارۆدراوە بە حەقیقەتی بچوك و بە حیکایەتی خاڵی لەئیستاتیکا و خاڵی لەروانینی نوێ و کاریگەر. بەواتایەك رۆمانی غەزەلنوس و باخەکانی خەیاڵ رۆمانێکی مێژوو کردە، خولقێنەری مێژوویەکی دیکەیە لەنێو ئەو مێژووە ساختەگەراو وەهمییەدا. ئەم رۆمانە روبەرێکی بەرفراوانە بۆ بەرهەمهێنانی بێشومار حیکایەت، بەڵام پەیوەندیامێز لەرێچکەو پەیوەندی و کاریگەری و مانابەخشین و کارەئەکتەرو فەنتازیا و حەقیقەتە نادیارو پەنهانەکاندا.

سیحری نوسین لەم رۆمانەدا ئەو ستانداردە ئەخلاقییە ئەشکێنێت کە چەندین ساڵە گەمارۆی نوسینی داوە، نوسەر لەم رۆمانەدا هێندەی کڵێشەسازێکی حیکایەتە شاراوەکانە، دەئەوەندەش ئەندازیارێکی بە سەلیقەیە لەنەخشەکێشانی پانتاییەکی گەورەی خەیاڵ و واقیعدا. لەم رۆمانەدا خەیاڵ بریتی نییە لە بابەتێکی دیاریکراوی سایکۆلۆژی، وەکچۆن خەیاڵ لەم رۆمانەدا یەکسان نابێتەوە لەگەڵ ئەڵتەرنەتیڤە واقعییەکاندا، هاوکات خەیاڵ ئەندازیارێکی راستەقینەیە بۆ نەخشەکێشان و دەستکاریکردنی پێکهاتە هەرە زیندووەکانی ئەو کڵێشەسازییە، خەیاڵ لەم رۆمانەدا کەرەستەیەکی مردوو نییە، بەڵکە خولقێنەرێکی گەورەی رێکەوت و حیکایەت و پەیوەندی و کەسایەتییەکانە. زۆرێك لە ئاراستە مۆدێرنەکانی ئەدەب پێیانوایە: "رۆماننوس لەتوانایدایە ئەوەت فێربکات کە سروشتی مرۆڤایەتی زیاترو بە برشترە لە عەقڵیەتی زانای دەروونناس." کەسایەتییەکانی ناو ئەم رۆمانە گەورەیە کەسایەتی ئاسایی و سادەگۆو سادە تێروانین و سادە بیرکەرەوە نیین تا زانستی سایکۆلۆژیا بتوانین زەفەر بە راڤەکردن و شیکردنەوەیان ببات، زۆرکات ئەو کەسایەتیانەی کە رۆماننوسە بەتواناکان دەیانخولقێنن بەچەندین دەروونناس و شیکەرەوەی دەروونی راڤە ناکرێن و سەرلەبەر کەسایەتیان شیناکرێنەوە.

## ژینالۆژیای ناو

ئایا مەلای سوختەو غەزەلنوس دوو ناوی هاکەزایین، یان دوو ناوی پێکهاتەیی و پەیوەست و مانابەخشی بنەڕەتیی واتایی و سومبولین..! دەتوانین بڵێین دۆزینەوەی سەرلەنوێی لایەنی تاریك و ئەهریمەنی روحی مرۆیی و وەستان لەسەر پەیەوەندی ناوەکی هەندێ چەمکی وەك

[٢] داریوش ئاشوری. کەلتور- چەمك و پێناسەکان. و.کۆسار فەتاحی. ل٧٤

مەرگ، جوانی، گوناه، ئەشق و شێتی، یەکێکە لە گرینگترین و نەرمترین دەستکەوتەکانی رومانتیسم و ئەدەبی رۆمانتیك. بەڵام ئاگاداریی رۆمانتیکەکان لەدۆزینەوەی خودو ئاگادارییان لەپانتایی و چییەتی حەقیقی ئەو کیشوەرە تازەیە، شتێك بوو بە قەد ئاگاداری کریستۆڤ کۆلۆمب لەئەمریکا. (موراد فەرهادپور. جوانیناسی شکست. و.مەنسور تەیفوری.ل١٢٩). جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان دنیابینی رۆمانتیك و ریالیزم و کلاسیك لەلایەك و دنیابینی فەنتازیك و سیمبۆلیزمی نوێ و گوزارشگەرایی و واقعی ئەفسونگەرایی، پێکرا ئەم تێزە تازانە دەبنە هێزگەلێکی زمانەوانی و فەنتازی نوێ بۆ بیناکردنی رۆمانی نوێ بە کلێشەسازییەکی فرەرەهەندو فرەکەسایەتی و گەڕانەوە بۆ قولایی کولتوری و سایکۆلۆژی و دامەزراندنەوەی کەسایەتییەکان لەیەکەیەکی مەعریفی ئیندیڤیژوالیدا.

ریکۆر سەبارەت بە دنیای خولقێنراوی ئەدەب دەڵێت: " بەرهەمی ئەدەبی ئاوێتەی رۆژگاری خۆی نییە، بەڵکو جیهانێك شێوەدار دەکا کە لەنێوخۆیدا دروستیکردووە." رۆمانی غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ وەك باقی رۆمانەکانی دیکەی بەختیار عەلی، هەر لەمەرگی تاقانەی دووەمەوە تادەگاتە ئێوارەی پەروانە بۆ دوایەمین هەناری دونیا و شاری مۆسیقارە سپییەکان، پێکڕا سەرسام دەبین بەستراتیژی ناولێنان و وێناکردنی ناوەکان. هێزی ئەو ناوانە لەهێزی دنیابینی تاکەکەسیانەی خودی کەسایەتییەکانەوە هەڵدەقوڵێ و لەرووبەرێکی بەرفراوانی بەرهەمهێنانی پەیوەندی و حیکایەت و گرێچنەو فەنتازیا و سیحری روداو و باکگراوندو فلاشباکاکاندایە. هێزێکە بۆ بەستنەوەی ئێستا بە فەنتازیا و مێژووەوە، ئەفسونێکە بۆ گەڕان و دۆزینەوەی حەشارگەو نهێنی و نەخشەیەکە ب دۆزینەوەی نەخشەکانی دیکە.

غەزەلنوس لەم رۆمانەدا تەنها کەسایەتییەکی فەنتازی یان خەیاڵپەروەر نییە، بەڵکە پێکهاتەی کۆی ئەو بوونەوەرە فەنتازی و واقعییە کە لەرووبەرێکی گەورەی فەلسەفی و ئەدەبی و شارستانی‌دا لەشەڕێکی فەنتازی گەورەدایە لەتەك مەرگ و مەرگدۆستانی دنیای ئەو ئیمپراتۆریەتە سێکسی و بکوژو حەشاماتەی کە بەرهەمهێنەرێکی گەورەی جەهل و هێزی کوشتنی خەیاڵ و کولتوریی فەنتازیین، پێکڕا کوشندەگەلێکی راستەقینەو وەهمیین.

بارۆنەکان تەنها کەسایەتیگەلێکی تاکئاڕستەو جەنگاوەری پەنهان و حەشارگەو رووبەرە نادیارەکانی مەرگ و سێکس و شەهوانیەت نین، بەڵکە هێزگەلێکی دابەشبوون بەسەر سەرلەبەری حیکایەت و روداوو و پەیوەندی و پانتاییە جیاجیاکانی دنیابینییە جیاوازەکانی ناو رۆمانەکەدا.

**"جوانی لای من نەخشەیە...ئیشکردنە لەسەر نەخشەیەك کە بەرد بە بەردو بست بە بستی حیسابکرابێت، شاری خەیاڵ شارێکە تیایدا ماتماتیك و سیاسەت و شیعر تەبان، برایان ئەوە خولیای منە بۆ ئەم کۆمەڵگە بریندارەی ئێمە کە دەیەوێت لە جەهەنەم هەستێتەوە، دەمەوێت ماتماتیك و سیاسەت و شیعر ئاشتبکەمەوە، جوانییەکی تاقانە ناتوانێت لەبەحری ناشرینیدا جوان بێت..."(غەزەلنوس.ل٥٢٣)**

ئەمە دنیابینی بارۆنی خەیاڵە، دنیابینی ئەندازیارێك نییە، بۆ دانانی کلێشەسازییەکی تەواو واقیعی و سنوردار، نەخێر دنیابینی نەخشەسازێکی ئەفسانەییە بۆ وێناکردنی دنیا لەتاکە خەونێکی بێکۆتا و ناسنوردارا، خەونێکی رووت، بەڵام پەیوەندیامێژو ئاوێتە بە کردنەوەی

تەلیسمو نهێنییەکان، هاوکات روانینی پادشایەکی ئاسایی نییە بۆ ئەندازەسازی مەملەکەتێك لەخەون‌و خەیالاتی بچوك، بەڵکە کلێشەسازییەکە بۆ بەرپاکردنی سەرزەمینێك لەچێژی داگیرکاری‌و زەوق‌و چەشەی سێکسی تائەوپەڕی لاقەکردنی حەقیقەت‌و دەستەمۆکردنی خەون‌و بچوککردنەوەی دنیا لەتاکە حیکایەتێکی پەنهان‌و پڕ لەسیحری حەشارگەکان. پێکڕا دنیابینی فەیلەسوفێکی ئەفلاتۆنییە بۆ خولقاندنی سەرزەمێنێکی وەهمی لەحەقیقەتێکی بەرجەستەکراودا. بارت لەکتێبی رۆلان پارتدا باس لەبیرەوەرییەکانی منداڵی خۆی‌و ناوە تایبەتییەکان‌و شاری بایۆن دەکات‌و دەڵێ: "هەستیارم بە ناوە تایبەتییەکان...چەندینجار بیرم لەوە کردۆتەوە کە سەرکەوتنی نوسەرێك لەرۆماندا پەیوەستە بە دۆزینەوەی ناوی گونجاو بۆ کەسێتییەکان."

ئایا بارۆنەکان پێکڕا کۆمەڵێك بوونەوەری خەیاڵین.. یان واقعی‌و کەسایەتی بەرجەستەکراون‌و پارچەیەکن لەو سەرزەمینە خەیاڵپێکراوەی کە دنیا لەنێوان خەون‌و حەقیقەتدا دابەشدەکات؟ بارۆنەکان تەنها دابەشبوونی ئەو جەبەروتە پڕ لەمەترسییە نیین کە لەتوانایاندا ژیان روتبکەنەوە لەفەنتازیاو واقع بکەن بە یەکپارچە خەونی داماڵراو لەو ئاستە ژیارییەی کە بەرجەستەکراوێکی واقیعییە لەدنیاییەکی ئەفسانەییدا، هاوکات شاری خەونەکان بێجگەلەوەی کلێشەیەکی ئەفسانەییە لەنێوان دنیای مۆدێرن‌و دنیای کلاسیکدا، نەخشەیەکی ئەندازەییە بۆ راڤەکردنی خەونەکان‌و زیندووکردنەوەی ئەو چێژە لەدەستچوانەی مرۆڤ کە بە تێپەربوونی کات‌و گۆڕانکاری گەورە لەموراڵ‌و ترادسیۆن‌و بیرکردنەوەو ئایندا ئاستی شارستانی‌و ئەخلاقی مرۆڤەکانی داڕشتووە.

فەنتازیا شەڕێکی گەورەیە لەگەڵ واقیع‌و خەوندا، بەمپێیە دنیای خەونەکان لەرۆمانی غەزەلنوسدا دنیای تالانکردنی حەقیقەتە گەورەو بچوکەکانە، دنیای روتکردنەوەی خەونە بۆ پارچەیەك لەحەقیقەتی بەرجەستە. بارۆنەکان سەرلەبەر ئەو کارەئەکتەرانە نین کە دەبنە خولقێنەری جەبەروتێکی دیاریکراو یان هێزێکی بەرجەستە، نەخێر بارۆنەکان پارچەیەکی گەورەن لەحقیقەت، هاوکات هێزێکن بۆ وێناکردنی حەقیقەت‌و کارخانەیکن بۆ دروستکردنی حەقیقەت‌و کەسایەتی‌و دنیاو سەرزەمینی جیاوازو پیشەسازییەکی راستەقینەی خەون.

ئەم نوسینە چەند قسەکردنە لەسەر رۆمانێکی زیندوو، هێندەش قسەکردن‌و رخنەگرتنە لەسەر نوسین‌و رۆمانە مردووەکان، جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان حیکایەتی زیندوو و حیکایەتی مردوودا، وەکچۆن کەسایەتییە رۆبۆتەکانی نێو رۆمانێکی مردوو جێی بەراوردو هەڵسەنگاندن نین بەرامبەر کەسایەتییە زیندو و کاریگەرو جومگەییەکانی نێو رۆمانە زیندووەکان.

رۆمانی مردوو چەند بەرهەمهێنەری حیکایەتگەلێکی خامۆش‌و مردوون، هێندەش بەرهەمهێنەری کەسایەتیگەلێکی حەشاماتی‌و نائیندیڤیژوال‌و ناکاریگەرو خاڵی لەدنیابینی‌و بیرکردنەوەن.

فۆرستەر لە کتێبی (Aspect of the Novel) دەڵێت: "ڕۆمان خزمەتێکی گەورە پێشکەشدەکات کە ژیانی ناوەکی کەسایەتییەکان کەشف دەکات."[٣] بەهای هەستیاریو ئیستاتیکی بەهاگەلێکی مرۆییو شارستانیین بۆ ڕەنگرێژکردنی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانە زیندووەکان، هاوکات دەرخستنی دنیابینیو ڕوانینو زمانی ئاخاوتنی کەسایەتییەکان ئەو سنورو سایکۆلۆژییە دەشکێنێت کە تاکەیەك شیکاری دەروونی بە ڕەوا دەبینێت بۆ بەخشینی شوناسێکی سایکۆلۆژی یان کۆمەڵایەتی بە کەسایەتییەکان.

هەر لە مەلای سوختەوە تا دەگاتە غەزەلنوسو ماجیدی گوڵ سۆلافو ماجەلانی خەیاڵو ماجەلانی راستەقینەو مەهنازو باران شوکرو حەسەن تۆفان، نەورەسی گوڵ سۆلاڤ، تریفە یابەحری، عەتار، نەوجەوانی چینی، مورتەزای شەیتان، یاقووتی مەمەد، تیشکان تاهیر، جەعفەری مەغۆلی، گولاّوی پیزۆ، شبر، حوسنی ماردینی، بارۆنی خەیاڵ، بارۆنی مریشكو بارۆنی بوکەشوشە، بارۆنی ...تاد، پێکڕا ئەم ناوانە تەنها گوزارشت نیین لەناوی کەسایەتییەکان، بەڵکە ناوگەلێکی پەیوەندیامێزو بەرهەمهێنی حیکایەتو دروستکاری ئەو تۆڕە فەنتازییەن کە لەغەزەلەکانەوە دەستپێدات تا دەگاتە هەزارباغو شاری خەونەکانو حەشارگەو روانینو پەنهانەکان.

سەرساماترین رستەیەکی جومگەیی مەترسیامێز لەسەروبەندی کۆتایی سەرەتای ڕۆمانەکەدا داخڵی فەنتازیایەکی نەبڕاوەو سەرەتای حیکایەتگەلێکی پەیوەندیامێزت دەکات، رستەیەکی وجودی کە شەڕێکی مەعریفی گەورەیە لەنێوان خەیاڵو حەقیقەتدا، جەنگێکی نەبڕاووەیە هەر لەسەرەتای شارستانیەتەوە تادەگاتە ئێستای قورساییەکانی مۆدێرنەو مەترسییەکانی جیهانگیریو ئالۆزییە تەمومژاوییەکان. ماجیدی گوڵ سۆلاف دەڵێت: "زۆرجار هەستمکردووە بە کۆمەکی خەیاڵ دەتوانین لەحەقیقەت تێبگەین، بەڵام بە کۆمەکی حەقیقەت ناتوانین لەخەیاڵ تێبگەین."

لەم ڕۆمانەدا خەیاڵ بیرکەرەوەیەکی گەورەو خولقێنەری دنیابینییە گەورەکانە، پێکڕا فەنتازیاگەلێکی جیاوازو ناسنوردارە بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتە سادەو سەختەکان، پشکنەرێکی ئەفسوناوییە بۆ دەستکاریکردنی دنیاو دروستکردنی نەخشەیەکی دیکەیە بۆ دنیاو حەقیقەتەکان، دەرەنجام ڕۆمانی غەزەلنوسو باغەکانی خەیاڵ تەنها ڕۆمانێکی گەورە نییە، بەڵکە کتێبێکی مەزنی فەنتازیاو نەخشەیەکی گەورەی خەیاڵە، ئەم ڕۆمانە بۆخۆی مێژوویەکی گەورەیە بۆ سڕینەوەی سەرلەبەری ئەو مێژووە ساختەو وەهمییەی کە حەشارگەیەکی گەورەی حەقیقەتەکانە.

[١] E. Robinson, trans. J. Macquarie, Being and Times. ٦٦. M. Heidegger. London. P١٨٤

[١] داریوش ئاشوری. کەلتور- چەمكو پێناسەکان. و.کۆسار فەتاحی. ل٧٤

[١] Karen Horny, Self-Analysis, New York ١٩٤٢, pp.٣٩-٩. Forster op.cit., p.٧٤

---

[٣] Karen Horny, Self-Analysis, New York ١٩٤٢, pp.٣٩-٩. Forster op.cit., p.٧٤